با هەریەکێک لەئێوە لەکاتی مردندا گومانی باشی بە خوای گەورە هەبێت

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو؛ سێ ڕۆژ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، فەرمووی: « با هەریەکێک لەئێوە لەکاتی مردندا گومانی باشی بە خوای گەورە هەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی مسوڵمانی داوە بۆئەوەی لەسەر حاڵەتێك بمرێت کە گومانی باشی بە الله هەیە؛ ئەمیش بە زاڵکردنی لایەنی هیوا وڕەجا لەکاتی سەرەمەرگدا بەوەی الله ڕەحمی پێدەکات ولێی خۆشدەبێت، چونکە ترس داواکراوە بۆ چاککردنی کردەوە، وئەو حاڵەتە کردەوە کردنی تێدا نییە، بۆیە داواکراوە لایەنی هیوا وڕەجا زاڵ بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3779